FRAUENHAUS
STIFTUNG FRAUENHAUS
BEIDER BASEL

**ئێمە یارمەتیتان ئەدەین**

## پاراستن دژ بە توندوو تیژی

تۆ مافت هەیە خۆتوو مندالەکانت بچن بۆ شوێنێکی پارێزراو ئەگەر هاتوو توندووتیژیتان لە سەر بوو یاخود هەرەشەی توندووتیژیتان لێکرابوو. بۆنمونە توندووتیژی دەرونی، جەستەیی، سێکسی، ئابوری، بە قسە پێگۆتن، بەدواکەوتنووومراقەبە وەهەروەها بەزۆردان بەشوو. ناوونیشانی مالی ژنان بۆ پاراستنی ئێوە نهێنیە و ئاشکرا ناکرێ.

## پەیوەندی کردن

لەژێر ئەم ژمارە تەلەفونە ( ٠٦١٦٨١٦٦٣٣ ) دەتوانن شەوورژ پەیوەندیمان پێوە بکەن و ئێمەش هەلدەستین بەرۆنکردنەوەی ئەگەری هاتنتان بۆخانووی ژنان. تەلەفۆنکردنت بۆئێمە نابێتە هیچ تکلیفێك لەسەرتان. وگفتوگۆیەکانتان بە نهێنی دەمێنێتەوە ودەتوانی ناوی خۆت لەتەلفۆندا نەلێیت.

## هاتن بۆ مالی ژنان

ئەگەر بۆت دەکرێت جلوبەرگی خۆت وو هەویەو تەسکەرە وە کاغەزە گرنگەکانت بۆنمونە کارتی سیخورتی تەندروستی و کاغەزی پەیمان و گرێبەستەکانت و دەرمانەکانت و خۆشەویسترین بووکۆکەی مندالەکەت لەگەڵ خۆت بهێنە. ئەگەر ئەم شتانەت بۆ نەکرا بهێنی ئەوە ئێمە کەلوپەلی زەرورت ئەدەینێ و یارمەتیت ئەدەین بۆ هینانی دۆکومەنتە زەرورەکانت لە مالەکەت.

## پاراستن و راوێژکاری و شوێنی حەوانەوە لە ناو مالی ژنان

راوێژکارێك هەلدەستێت بە یارمەتیدانتان بۆ دروستکردنی هیوا و رەوانگەی نوێ لە ژیانتان. ئەم راوێژکارە وەلامی پرسیارەکانتان دەربارەی مافەکانتان و یاساکان و کاروباری ئیداری و رێکخستنی کاروبارتان دەداتەوە. وە پەیوەندی نێوان تۆو کەسانی پسپۆر و بەرپرس رێکدەخات. وە ئەوەش بزانە کە هەردەم خۆت بریار ئەدەیت کامە رێگا بۆ خۆت هەلدەبژێریت و بەکامە هەنگاو دەست ێدەکەیت و پلانی بۆ دائەنێی.

زۆر بەخۆشحالییەوە منالەکانتان وەردەگیرێن و راوێژکاری ئێوەو و منالەکانیشتان دەکەین. وە یارمەتیتان ئەدەین بۆ رێکخستنی ژیانی رۆژانەو کاتی بەتالی منالەکانتان.

**ژمارەی تەلەفون بۆ حالاتی بەپەلە ٠٦١٦٨١٦٦٣٣   هەمو رۆژانی هەفتە و بیست وچوارسەعات شەو و رۆژ.**

مالی ژنان لە هەردو بازل